




# گۆڤاری « کوردستانی نوێ » پاڵاوانی کوردستان بەسەر دەکاتەوە

**راپۆرت: عیماد قادر**

گۆڤاری هەرێمی کوردستان لەسەردانێکی بۆ یانەی وەرزشی بروسک سەرۆک و یاریزانانی ئەو یانەیەی لەمەڕ بەدەستهێنانی جامی خولی نایابی کوردستان بۆ دووەم ساڵ لەسەریەک دواند.

بەر لەدووهەفتە لە کۆتاییهاتنی خولی نایابی کوردستان یانەی بروسک توانی بۆ دووەم ساڵ لەسەریەک وەک پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان بمێنێتەوە سەبارەت بە تۆمارکردنی ئەو دەستکەوتە گەورەیە بەرپرسان و یاریزانانی ئەو یانەیە بەم شێوەیە هاتنە قسەکردن **سەرەتا (دلّشاد مەعروف) راهێنەری یانەی بروسک گوتی** دەتوانم بڵێم ئەوە ئێمە دووەم ساڵە دەبینە پاڵەوانی خولەکە ئەمساڵ خولی کوردستانی ململانێیەکی باش هەبوو لە کوردستان یانەکانی یەکەم و دووەم سێیەم ململانێیەکی باشیانکرد یانەی سیروانی نوێ و هەولێر رکابەری راستەقینە بوون هەر بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنەش پیرۆزبایی لەیاریزانان و سەرۆک و ئەندامانی یانەکە دەکەم و هیوادارم بەرپرسانی حکومی و حزبی ئاوڕێک لەیانەی بروسک بدەنەوە ئێمە سەلماندمان کە یەکێکین لەیانە بەهێزەکانی کوردستان ئێستاش پێویستمان بەپشتگیری ماددی باش بۆیانەکە هەیە **(تاریق عەبدولرەحمان) سەرۆکی یانەی بروسک گوتی** جێگای دڵخۆشیە کە ئێمە بۆ دووەم ساڵ لەسەریەک بووینە



تارق عەبدولڕەحمان

پاڵەوانی خولەکە ئەمەش ماندووبوونی راهێنەرو یاریزانان و پاڵپشتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یانەکە دەگەیەنێ بەتایبەتی ( نەوزاد هادی ) کە پاڵپشتی هەموو یاریزانانی یانەی بروسک و یانەی هەولێر دەکات جێگری یانەکەمان لەڕووی ئیداری و راهێنەرو یاریزانانی چارەسەرکردنی هەموو ئەگەرەیەکی بەردەم یانەکەو هۆکارێکی گرنگی ئەو سەرکەوتنەیە، ئێمە نەمانهێشتووە گرفتمان هەبێت ئەوەی لەتوانامان هەبێت گەر بەقەرزیش بووبێن نەمانهێشتووە یانەکەمان بەپاش بکەوێت **راشیگەیاند** بۆ ساڵی داهاتوو هەوڵدەدەین بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە یان لەچوارگۆشەی زێرینی خولەکە بمێنن قسەشمان لەگەڵ یاریزانانی خۆمان کردووە لەسەر ئەم بارودۆخەی بۆ ئێستاو بۆ ساڵی داهاتوو **(محەمەد حەمەخان) کاپتنی**




یانەی بروسک گوتی لە راستیدا ئەو ساڵ خولی نایابی کوردستان خۆتان دەزانن کەوا خولێکی زۆر بەهێز بوو هەر لەسەرەتاوە یانەکان هەوڵی باشیان دەدا بۆ زوو یەکلایکردنەوەی بەدەستهێنانی خولەکە، بەڵام یانەکانی هەولێر و سیروانی نوێ و هەندرێن هەوڵیاندا رکابەری بەهێز بکەن لە کۆتایشدا هەر توانیمان نازناوەکە لای خۆمان بهێڵینەوە **(غەفور عوسمان) گۆڵچی یانەی بروسک گوتی** ئەمساڵ خولی نایابی کوردستان زۆر بەهێزبوو هەموو



دلشاد مەعروف

یانەکان هەوڵیان دەدا ژمارەی سەرکەوتنەکانیان زیادبکەن ئەوەبوو ئێمە هەر لەسەرەتاوە گرنگی زۆرمان بەخولەکەداو توانیمان سەرکەوتن بەدەستبێنین و پێش تەواوبوونی خولی نایابی کوردستان بەدووهەفتە بووینە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان لێرەوە دەمەوێ سوپاسی دەستەی کارگێڕی و سەرۆکی یانەو هەموو یاریزانەکانی بکەم کە هاوکارێکی تەواوی یەکبوون بۆ ئەوەی ئەو نازناوە دەستەبەربکەین **(سامی کەمال) یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی بروسک گوتی** جێگای شانازییە کە ئەوە بۆ دووەم ساڵە لەسەریەک دەتوانین ئەم نازناوە لەسەر ئاستی کوردستان بەدەست بێنین ئەمساڵ ئەوەی جیاوازی هەبوو لەگەڵ پارساڵ ئەوەبوو کە یانەکان ئاستیان زۆر بەرزبوو لەکۆتاییدا سوپاسی سەرۆکی یانەو دەستەی کارگێڕی و یاریزانەکان دەکەم بەڕاستی هاوکاری یەکبوون تاکو توانیمان ئەمساڵیش ببینە پاڵەوانی کوردستان.

**وێنە: کاروان باجەلان**



غەفور عوسمان



محەمەد حەمەخان

# توندو تیژی دیاردەیەکی ترسناکی نێو گۆڕەپانە وەرزشییەکان

دیاردەیەکی ترسناک بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە لە گۆڕەپانەکانی یاری تۆپی پێ بەتایبەتی لە شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەنەبێ ئەم دیاردەیە نوێ بێت لە کوردستانیش هەیە، بەڵام بەم رێژە ترسناکە نییەو ئەگەر رووش بدات دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام لە بەغدای پایتەخت بەتایبەتی لە ئان و ساتی ئێستا یاری نییە کە توندو تیژی و شەڕو پێکدادان و پشێوی لێ نەکەوێتەوە، بەتایبەتی پاش یارییەکان هاندەران و یاریزانان و کارگێڕی یانەکان بەناو یەکتر دەکەون سەری یەکتر دەشکێنن کە کاریگەرییەکی خراپ و ترسناکی هەیە لەسەر دواڕۆژی تۆپی پێ، لەوکاتەی کە عێراق هەوڵ و کۆشش دەدات بۆ ئەوەی لایەنە بەرپرس و یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی رازی بکات بۆ ئەوەی قەیرانی وەرزش لەسەر عێراق هەڵبگرن و یارییەکان لەسەودوا لەسەر چیمەنی یاریگاکانی عێراق ئەنجام بدرێت.



**موئەیەد هەمەوەندی**

عادل قەساب راگری لیژنەی ناوبژیوانان لە یەکێتی تۆپی پێی عێراقی هۆکاری توندو تیژی لەناو یاریگاکان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە هەندێ تیپ هەن دەیانەوێ خۆیان بپارێزن لە دابەزین کە لە خوارەوەی لیستەکە دان و بە پێچەوانەوە هەندێ تیپ هەن کە لە سەرووی لیستەکەدان دەیانەوێ شوێنیان بپارێزن و ببنە پاڵەوانی خولەکە، بۆیە هەموو ئامرازێک بەکاردەهێنن تەنها بۆ ئەوەی ئەنجامی باش بەدەستبێنن، دوور لە گیانی وەرزشی و رۆحی لێبووردەیی، باوەڕ بکەن راهێنەر هەیە یان کارگێڕی یان هەیە خۆی یاریزان و جەماوەر هاندەدات بۆ تووندو تیژی و گێرە شێوێنی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئاستی تێگەیشتنیان و رادەی نزمی رۆشنبیریان ئەم کردەوانەش دەبێتە هۆی بە پاشکەوتنی وەرزش لە وڵاتەکەمان و خەڵکی بە چاوێکی کەم تەماشامان دەکەن و رقیان لێمان دەبێتەوە ئەم دیاردەیە دەکەوێتە ئەستۆی زۆر لایەن لە کارگێڕی یانەکان بگرە تا ناوبژیوان و راهێنەرو یاریزانی یاریگا لە ئاسایش و پۆلیس کە بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ، ئاقڵانە هەڵسوکەوت ناکەن لەگەڵ سەرهەڵدانی تووندوتیژی و پشێوی بەڵکو خۆیان دەکەنە لایەنێکی کێشەکەو سینگیان دەکەنەوەو دەست دەکەن بە جنێودان و بەشداریکردن لەشەڕ لە خەڵکی دان بە شەق و بۆکس ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئاست نزمی رۆشنبیریان بەتایبەتی چینی وەرزشکاران و بەرپرسیاریەتی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی راهێنەران و کارگێڕی یانەکان کە پێویستە پێش فێرکردن مەشق و وەرزش یاریزانان فێری ئاکاری جوان بکرێن و گیانی وەرزش و رۆحی لێبووردەیی و خۆشەویستی و خۆنەویستی لە دڵیان بچێندرێت، ئینجا بیان نێرن بۆ گۆڕەپان، با تۆزی چار لە یانە جیهانییەکان بکەین و دەرس و رۆشنبیری و ئەقلیان لێ وەربگرین، راگەیاندنیش دەبێ خۆی بگەیەنێ و ئامۆژگاری و رێمایی جوان و بەسوودیان بۆ بڵاوبکەنەوە بەڵکو دەگۆڕێن و دەگەینە ئاست وڵاتانی دیکەی گێتی.




# لە جامی (ڤیڤا).. هەڵبژاردەی کوردستان ئەنجامێکی بەرز بەدەست دێنێ



گومان لەوەدانییە کە ئەوە بۆ دووەمین جارە هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان لە مێژوودا بەشداری لە پاڵەوانیەتی جامی (ڤیڤا)ی هەرێم و نەتەوە بێ وڵاتەکان دەکات، ئەمجارەشیان بە بەشداری (٦) هەڵبژاردە پاڵەوانیەکە لە شاری میلانۆی ئیتاڵیا بەڕێوەچوو کە پێک هاتبوون لە هەڵبژاردەی کوردستان و تیپی هەڵبژاردەی هەرێمی پاندالە ئیتاڵیا و تیپی هەڵبژاردەی ئۆکیتانیاکە دوورگەیەکەلە نێوان ئیتاڵیا و فەرەنسا و هەڵبژاردەی گۆزۆی کە تیپی سێیەمین دوورگەیە لە وڵاتیماڵتا و تیپی سامیلاندی کە هەرێمێکە لە وڵاتی سوید و پرۆڤینسیش هەرێمێکە لە فەرەنسا.

جێی وەبیرهێنانەوەیە ئەوە سێیەمین جارە ئەو پاڵەوانییە ئەنجام دەدرێت کە ناوە تەواوەکەی viva world cup و یەکەمین پاڵەوانیەتی لە هەرێمی (یالیڤارێی) ی سویدی بەڕێوەچوو.

هەڵبژاردەی کوردستان دوای ئەوەی گەیشتە یاری کۆتایی توانی ئەنجامێکی بەرز لەو پاڵەوانییە بەدەستبهێنێ، بۆیە پیرۆزباییان لێدەکەین.

## عومەر خالید.. لە کوردستان بۆ جیهان و لە عێراق بۆ برایەتی یاری دەکات



یاریزان عومەر خالید لەدایک بووی ساڵی (١٩٨٥)ی شاری هەولێرەو وەک خۆی دەڵێ هەر لەمنداڵییەوە دەستی بە وەرزش کردووە لەتیپی لاوانی سەنگەر، پاشان لە ساڵی (١٩٩٨-١٩٩٩) بەهۆی رەزوانی برادەرم چوومە رێزی یانەی وەرزشی جیهان. هەر سەبارەت بەسەرنەکەوتنی یانەکەیان بۆ رێزی پلە نایابەکانی کوردستان عومەری یاریزان گوتی: بەداخەوە ئێمە بەهۆی چەند یاریزانێکەوە نەمانتوانی بگەینە پلە نایابەکانی کوردستان، هەروەها پێکانیش رۆڵی خۆی هەبوو لەو مەسەلەیەدا عومەر لەبارەی گرفتی یانەکەشیان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمان باری داراییان لاوازەو یاریگایەکیشیان نییە کە مەشق و راهێنانی لەسەر بکەن.

ئەم یاریزانە لە خولی تۆپی پێی عێراقیش بۆیانەی برایەتی یاری دەکات لەمبارەیەوەش گوتی: لەسەر داواکاری خۆیان ئێستا لەخولی عێراق بۆ یانەی برایەتی یاری دەکەم و لە خولی شیاندندایین و بەهەوڵی هەموولایەک و (فاروق خدر)ی راهێنەری یانەکە بگەینە رێزی یانە پلە نایابەکانی عێراق.

هەر لەبارەی چوونی بۆ یانەکانی دیکەش عومەر گوتی: تا ئێستا چەند یانەیەک داوایان لێکردووم کە یارییان بۆ بکەم وەک یانەکانی بروسک و ئارارات و کۆیە، بەڵام بەهۆی پابەندبوونم بەیانەی جیهان ناتوانم بۆ هیچ یانەیەک یاری بکەم.

**ئا: سەلیم نووری**





# ئەنتەرمیلان چاوی بڕیوەتە تواناکانی گاگۆ

یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵی بەمەبەستی پتەوکردنی هێلی ناوەڕاستی یانەکەی چاوی بڕیوەتە تواناکانی (فرناندۆ گاگۆ) ی یاریزانی هێلی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی، بۆ ئەو مەبەستە یانەی ئەنتەرمیلان بڕی ١٠ ملیۆن یۆرۆی ئامادەکردووە ، بۆ هێنانی ئەو یاریزانە بۆ ریزی یانەکەی، لەمبارەیەوە ئەدریانۆ گالیانی جێگری سەرۆکی یانەی میلان گوتی، لەگەڵ هاتنی لیوناردۆی ڕاهێنەری تازەی یانەکەمان، پێویستیمان بە مۆرکردنی چەند گرێبەستێکەلەگەڵ چەند یاریزانێکی خاوەن ئەزموون بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوودا، سوود لە تواناکانیان ببینین، دەستپێکی مۆرکردنی گرێبەستەکانیشمان لەگەڵ یاریزانی یانەی ریاڵ مەدرید فرناندۆ گاگۆ دەبێت، چونکە ئەو یایزانە لە رەگەزدا ئیتاڵییە، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە یانەی بۆکاجۆنیوزی ئەرژەنتینیەوە پەیوەندی بەیانەی ریاڵ مەدرید کردووە، هەوڵەکانی ئێمە بەردەوامە لەبەرامبەر هێنانی ئەو یاریزانە بۆ پێکهاتەی یانەکەمان بەڵام یانەی ریاڵ داوای ١٥ ملیۆن دەکات لە بڕی گواستنەوەی ئەو یاریزانە، شایانی باسە گاگۆی تەمەن ٢٣ ساڵ،تاکو ئێستا ٢٦ یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنیتن ئەنجامداوە.

**ئا: شیڤان نانەکەلی**

# گۆڵەکانی جامی کیشوەرەکان لە مێژوودا

ئەگەر لاپەڕە گەشەکانی مێژووی جامی کیشوەرەکان هەڵدەینەوە دەبینین، چەندین زانیاری وردی تێدا تۆمارکراوە، لەوانەش تۆمارکردنی چەند گۆڵە:-

١- (١٨) گۆڵ تۆمارکراوە بەرێژەی ( ٤,٥ ) لە هەر یارییەکدا.
٢- (١٩) گۆڵ تۆمارکراوە بەرێژەی ( ٢,٤ ) لە هەر یارییەکدا.
٣- (١٦) گۆڵ تۆمارکراوە بەرێژەی ( ٣,٣ ) لە هەر یارییەکدا.
٤- (٥٥) گۆڵ تۆمارکراوە بەرێژەی ( ٣,٤ ) لە هەر یارییەکدا.
٥- (٣١) گۆڵ تۆمارکراوە بەرێژەی ( ١,٩ ) لە هەر یارییەکدا.
٦- (٣٧) گۆڵ تۆمارکراوە بەرێژەی ( ٢,٣ ) لە هەر یارییەکدا.
٧- (٥٦) گۆڵ تۆمارکراوە بەرێژەی ( ٣,٥ ) لە هەر یارییەکدا.

# وەرزش لێرەو لەوێ

* حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (٥٤) ملیار دیناری بۆ بنیادنانەوەی دامەزراوە وەرزشییەکان تەرخانکردووە لە هەر سێ شارەکانی کوردستان وەک هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان، ئەمەش هەوڵێکی چاکە بۆ بوژانەوەی وەرزش.

* وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی یانەکانی بەپێی ئاستیان دابەش دەکات، هەر لەلایەکی دیکەوەش وەزارەت هانی یانەکان دەدات کە دەبێ تیپی کچانیان هەبێت بۆ ئەوەی ئەمانیش رۆڵی دیارو بەرچاویان هەبێت لە پێشڤەچوونی رەوتی وەرزش لە کوردستان.

* لە جامی کیشوەرەکان هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و نیوزلەندە نەیانتوانی تەنها گۆڵێکیش تۆمار بکەن، بۆیە نەیانتوانی بچنە قۆناغی دووەمەوە، بەڵام لە پاڵ ئەوەدا گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق (محەمەد گاسد) توانی ئاستێکی باش پیشانبدات و ببێتە هۆکاری ئەوەی کە (نور سەبری) لە هەڵبژاردەی عێراق دوور بخرێتەوە.

* لە مێژووی جامی کیشوەرەکان هێرشبەران چەندین گۆڵیان تۆمار کردووە، بەڵام تا ئێستا لە جامی پێشوو کە بە جامی ژمارە (٧) ناوزەد دەکرێ تێکڕای هێرشبەران (٥٦) گۆڵیان تۆمار کرد، بۆیە تا ئێستا هێندە گۆڵە تۆمار نەکراوەو دەکرێ بە ژمارەی پێوانەیی لە قەڵەم بدرێ.



* لە جامی کیشوەرەکانی ئەمجارە کە لە وڵاتی باشووری ئەفریقیایە، کەسایەتی ناسراوی وەرزشی عێراق (حوسێن سەعید) ئەرکی سەرپەرشتیاری یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی بەرازیل و میسری پێ سپێردرا بوو.

* یارییەکانی جامی ڤیڤا لەهەر چوار شاری (نۆڤارا، ڤاریسی، بریشیا ، ڤیرۆنا) بەڕێوەچوو.

* هەر لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕاهێنەر (سالار هەمزە) ئەرکی مەشق و ڕاهێنانی تیپی فوتساڵی کچانی گرتۆتە ئەستۆ و ئاستی تیپەکەی بەرزکردۆتەوەو داواش دەکەن کە هەموو یانەکان ئەو تیپەیان هەبێت.

* بەبڕی (٨٦٨) ملیۆن دینار پرۆژەی روشنکردنەوەو دانانی کورسی بۆ یاریگای نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری جێبەجێکراوەو ئێستا یاریگاکە سیمایەکی جوان و قەشەنگی پێوە دیارە.

**ئا: کامەران حوسێن**